# مام ئاکۆی دەکون خزیو، لەبن مەڵۆی کەس نەدیو، بە فیکەیەك هاتەدەر

راوراوێن و سەگ بەحەوشەی سیخور و فێڵبازی حەجەمی فسۆس و خولامەکانیان لە سالانی رابردوو فێری کردووین، بە سانایی ئاوخواردنەوە سیخوران بناسینەوە، بە جۆرێك کە "کەردار کەری خۆی ئاوانەناسێتەوە."

مام ئاکۆی ماستاو خۆش یەك لەوانەیە کە پێی وایە بە خوێندنەوە و وەرگێرانی چەند هەڵیت پڵیتی مەنسورەدزە (منصورحکمت، رفیق ژوبین) لەسەر" گردانهای کومونیستیی مێشکەپە" و هەڵمژینی هالاوی گەدەی چاوە ئاودەستێك بە ناوی ( فاتیح شیخ الاسلامیی ) سەرخۆش دەبێ و لە غەیبەوە کلاوی سەخرەجنیی لەسەردەندرێ؛ پاشان بە خۆحەشاردان دە تەویلەی ماچەئێسترەکانی کۆمەڵەکەی کا عەولای موهتەدیی لە نزیك قەڵاچوالان، کەس نایناسێتەوە و بە ئارەزووی خۆی دەتوانێ جنێو بە شاعیری گوڵسروشت جەلالی مەلەکشاو قارەمانی ئاواتەکانی بدا. بەڵام ئەوانە هیچی وەفریای نەهاتن و ناچار بوو خۆی ئاشکرا بکا و بێژێ: بەڵێ ناسیتانم ، منم، مام ناسری سەهەندیی، مەمبەنەدەر لەکەندی!

ماوەیەك بوو زۆرمان هەژگەڵ و سەرەبزووتان وەخڕ کردبوون تا لەبەر کونی نەدیوو خۆ-لێحەشاردراوی مام ئاکۆ ی زیانیخرۆ و دزی بۆڵە ترێیان ئاگریان دەین تا بەچەڕەدووکەڵی سەرەبزووتان لە کونێی دەرپەرێنین. بەڵام کلکی بەدەرەوەی لە کەلێنی کلاورۆژنەی تەویلەی ماچەئێستران ئاشکرای کرد. کوڕگەل کە وەکوو شوێنگێری پسپۆر شوێنیان هەڵگرتبوو سەر راوو بەرراویان لێگرت و یەکراست چوونە سەری. هەی تەماڵ...! هەر ئەوەندەمانزانی لە کونێك کلکی نێو گەڵۆزی مام رێوی بە نێوگەڵیدا شۆر بووەوە و بە بن پاشووی لای چەپیدا وەرسوڕاو وەکو گەسکە شاریی دەستی کەیبانوویەکی خەواڵوو کەوتە ئەردماشتن.

مام ئاکۆ کە پێی وانەبوو بەم زووانە و بێ قانگدان دەگیرێ، بە بیستنی دەنگی هۆی تەماڵەکەی کوردی ئەو بەری خەتێ و ئەم بەری خەتێ ڕاچڵەکی و دەستی کرد بە واقەواق و پاڕانەوە کە: ئەوە ئەو نییە بەنێو گوڵزاری شەهیداندا دەگەرێ و بۆڵەترێیان ئاودیو دەکا. نا باوەری پێبکەن: ئەوە ئەو نییە کە ئەندامی ناوەندیی کۆمەلەکەی کاعەولای حیکمەتیار (دانەری تێئۆری سێ چوکڵە بۆ کورد کوشتن) بێ... ئەوە ئەو نییە کە سووکایەتی بە شەهید بکا... و لەو فێڵە رێوییانەی کە 20 ساڵە مامە حەجەمەکانیان فێریان دەکەن...

چوارمێخەکردنی کلکی مام ئاکۆ بە ئەردەوە  و ترس لە هەراجی ئابرووی نەبووی، شێعرو مێعری فارسییە نەکولاوەکەی لەبیر بردەوە و خەریکە  بۆ تۆبەکاریی خۆی نابەڵەد دەکا وەکو ئەوە نە بای هاتبێ نە بۆران و ئوشێ:
خۆم کرماشانی فارسیی نییەزانم  "وە  گۆپاڵ کوردی  بکوتنە شانم!
جاری پێشوو سەردێری جنێونامەکەی مام ئاکۆ بە شاعیری گوڵسروشت مەلەکشای بێبەش- لەخۆشیی و شکاندنی کێلی شەهیدی گەل سەعید یەزدانپەنا   بە شێعرێکی سەقەتی ترکە تریاکییەکی کۆلانی سپای پاسدارانەوە دەستی پێکردبوو. ئەو شێعر- مێعرە لەبەر گێڕو خواریی و سەقەتیییەکەی لە سەگێکی لاق شکاو دەچوو کە کلکیان هەڵبەستبێتەوە. جاری پێشوو پێمگوت : مام کارجوان! لاقی شکاوە تۆ کلکیت هەڵبەستووە. شنۆیی گووتەنی کوو وادەبی چنگ ملاك؟
 بەلام ئێستا کا رەسووی نادریی گوتەنی " ماشاڵڵە هێشتا ڕێمنەخستووە گیزەی دێ."
فەرمایشتێکی دیکەی کردووە کە لە تێئۆرییەکانی کاحەولا موهتەدی  دەچێ و پرە لە زانست. دەڵێن شێتێك بەردێك بخاتە گۆمێکەوە بە 40 ژیر دەرنایەتەوە. بریا مام ئاکۆ وەکو جاری بەرێ نووسیبایە ئەوە:« من دەیلێم لێشی بەرپرس نیم». بریا نووسیبایە ئەو کەتنە کێ پێی کردووە و کێ لێی بەرپرسە؟  هەرکەس ئەوەی پێکردووە ، بێگومان دۆست و خەمخۆری مام ئاکۆ نەبووە. رەنگە سایتەکەی بروسکەی کا عەولا کە بلاوی کردووەتەوە بزانێ؟ تۆ بڵێی ئەویش نەزانێ؟ ها؟
 رەنگە خوێنەر بپرسێ، ئەوە چۆنە کە مام ئاکۆ و کۆمەڵە درێژدادڕەکەی لە ئاست ئەو هەموو پرسیارو کەچەوەترێن کردنانەی کوردی کەللەرەقی باو ناسیۆنالیست   دەمیان بووە بە تەڵەی تەقیو ؟ ئەی چۆنە تێئۆری داتاشانی سێ چوکڵەی (کۆمەڵە، کۆماری ئیسلامیی، حیزبی دێموکراتی کوردستان)  کە بە سەتان پێشمەرگەی ئەو گەلەیان پێکوشت  لەسەری وەجواب نایەن؟ چۆنە بە گژ شاعیرێکی لەژیان بێبەشیدا دەکەن و کێلی شەهیدێکی  گەلی پێدەشکێنن و خۆشی لێ بەخاوەن ناکەن؟
بەزەییم دێ بە ساویلکەکەسێکی کە کەوتووەتە بەردەستی بێ بەزەیی کەسێکی کە خاوەنی تێئۆریی سێ چووکڵەیە(کا عەولای موهتەدیی ناسراو بە حیکمەتیار)
 مام ئاکۆی بوغزلەسك کە لەبەر زۆریی ژاری رق و کینی لە کورد لە لوولاکیدا پێستی بە ئێسکییەوە رەق هەلاتووە، نایەوێ ئەوە فامبکا کە مرۆڤی سیاسیی، بەر لەهەموو شتێك دەبێ بەشەردۆست،  نیشتمانپەروەر، بەرز رەوشت ، دادگەر، راستوێژ و نەترس بێ. هەژار کوژیش نەبێ. ئەگەر مام ئاکۆ بەراستی خاوەن کەسایەتییەکی بەرز بووایە بەر لە هەموو کەس دەبوو جنێونامەیەکی دوور و درێژ بۆ خۆی و کەس و کارەکەی لە نێو کۆمەڵەکەی کاحەولادا بنووسێ و پێیان بڵێ کە چۆن بوونە  نۆکەری نۆکەری مەنسورە دزە، چۆن خەیانەتەکانی بنەماڵەیی  سەردەمی کۆماری کوردستانیان دژ بەکورد و بە قازانجی حەجەمان دووپات کردەووە. دەبوو بۆ کاعەولا بنوسێ کە ئەو بەرپرسی هێنانی  جینایەتکارەکانی   (دارو دستەی اتحاد مبارزان و سهند اذرخانم ) بۆ کوردستانە و هەر ئەو بوو کە  بە تێئۆری ئەوان کەوتە راوە رووت و کورد کوشتن و سیخوریی بۆ بەعسی جینایەتکار. دەمام ئاکۆ بۆ تاقە جارێك ئەم پرسیارانە لە کاعەولابکە و دوایەش بڵێ من پرسیارم کردووە و لێی بەرپرس نیم.

چی تێدەچێ؟ تۆ بڵێی ئەو پرسیارانە کەمرەنگتر بن لەو شێعرەی جەلال مەلەکشا کە ویژدانتی هەژاند و تووشی نەخۆشیی ئیسقایی کردن؟ دەبا بە کاعەولاش بڵێی کە وردبوونەوەیەك لەسەر دزی و فزی و ... و سووکایەتیکردن بە رێبەرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە سازمانەکەیدا بنووسێ.
گوتمان مام ئاکۆی پێست ئەستوورمان وا جەڕەبابەداوە کە شێعر و مێعری فارسیی و ئەو جەفەنگیاتەی کە لە مەنسورەدزە و ئازەرخانم فێری ببوو لە بیری چووەتەوە. لەوەبەر پێمان وابوو هەر فارسییەکەی سەگنێسی گرتووە، بەڵام ئێستا دەرکەوتووە کە سەد شوکور بە فارسییەکەی. کوردییەکای هەر قورەکارییە.

بالەبەردا بچمەسەروکاری فەرمایشتەکانی مام ئاکۆ و هەلیانسەنگێنم و پاشان پێی بڵێم کە کەسێکی پێی وابێ پێی بسپێرن بە ناوی شاراوە و نهێنیی ئیهانەت بکا وبینیرنە سیخوریی و دزیکردن و بەرد بە کێلی شەهیددا بدا و پاش ئەوەی ئیهانەتی کرد بۆ پەراندنەوەی خێڵی بنەو بنەچەکە دژ بەکوردەکە پاکانەیان بۆ بکا و بڵێ« من بەناوی هیچ رێکخراوەیەکەوە نانووسم و قەتیش کۆمۆنیسمی کرێکاریی نەبووم و نابم و لەرەهبەری کۆمەڵە ی شۆرشگێر نیم.» ناوی خۆشی نەلێ و بترسێ کە خۆی و سازمانەکەی وەکو فاتیح چاوە ئاودەست، ریسوابێ دەبێ بزانێ ئەگەر خۆی ئاشکرا نەکا و پاشان لەسەری سوور بکەنەوە چۆنی قایش پێدەجوون؟
ئەم مام ئاکۆیە داعبایەکی سەیرە. هەڵدەکوتێتە سەر شاعیرێك کە ناوی دیارە و لەژێر دەستی دامودەزگای تێرۆری ئاخوندیدا دەناڵێنێ و بۆ هەستی خۆی و بە کوردستانیدا هەڵکوتووە. سەیر ئەوەیە ئەم داعبا سەیرە داوای پێناسە لەو شاعیرە و لەو خاوەن شەهیدە دەکا کە بۆ خۆی ئیهانەتی پێکردوون. ئەرێ خزمینە کەس فەرمایشتی کۆمۆنیی ئاوای بیستووە؟ کەس لەو داعبایە سەیرتر جانەوەری دیتووە؟ سێخورێك دەبێتە مودەعی و خۆی دەکاتە وەکیلی گەڵ و جنێو دەفرۆشێ و داوای پێناسەش دەکا!!.
دەڵێی جاسوس نی؟ ؟ ئەگەر نی بۆ خۆت دەرناخەی؟ کەی شاعیرێکی ژێرگوشاری جاش و پاسدار هێرشی کردووەتە سەر تۆ و بنەماڵەو شەهیدی گەل؟
ئەوەی بە دزی و فزی و بە ناوی نهێنیی ئەو جۆرەکارانە دەکا ناکرێ یەك لەو دوو شوغلەی نەبێ:
یا سیخورە یان دەلاڵ لە چەشنی هەرە ناوزراوی. دەفەرموو ناوت مەڵێ با بەگورچوت دادەم تۆ کێی؟ من پێموایە کابرایەك هەبوو شێعری شاملووی وەردەگێرا و ماوەیەکیش لە ئوروپا کۆری شێعرو مێعری دانابوو دووکانێکی کردبووە، هەر وەکوو لەوەپێش رامگەیاند برازای تاهیر ئاغایەکی فایلرەش بووە کە بەداخەوە هیچ لە باوو برایەکەی ناچێ، لەگەڵ ساواکیزادەیەکی هەورامانی بە ناوی فاتیح شێخ الاسلامی کە باوکی هەتا لنگی درێژ کرد راپۆرتی فرۆشت هاو سازمان بوون.
باشە تۆ ناوی رێبەری یەکێتی شۆرشگێرانت دەوێ؟ بەڵێ هەر وەکو تۆ نووسیوتە ئەو کەسە "حسین یەزدانپەنا" یە. فەرموو تۆی نووسەریش ناوەکەت بڵێ مام ئاکۆی لە کونخزیو. تۆ یاسیخوری یان نی. ئەگەر نی فەرموو ناوەکەت بڵێ با لەسەر سازمانەکەت نەبێتە ماڵ. برۆ

بە سازمانەکەت بڵێ تا ڕێگەی ئاوا چەوت و سەرشۆڕانەت وەبەر نەنێ. ئەوە نە پۆلیمیکە و نە ڕوونکردنەوەی سیاسیی و ناساندنی بەرنامە. حیزبێکی مەسئولی کورد چی بەسەر ئەوەوەیە کە بزانێ کاعەولای حیکمەتیار یان مەنسورەدزەی مێژی بیمار، یان قانگەلاشکێکی وەکوو فاتیح شێخ‌الاسلامیی بێ کلاسە و عەیار دروشمەکانیان لە مێشکەیەوە تا هەرزنێ دەچن یان تا بێژوێی ئالان؟ چی لەوەداوە کە ئەو سەرۆکە لە پاڵ مەنسورەدزەی عەجەمۆکە وەکوو "ئەبلەمۆف" چ بەرنامەیەکی بۆ جیهانی خەیاڵاتی دارشتووە؟ ئەوە نە بۆ ئێمەی نەتەوەیی سەرنجراکێشە و نە کاتی ئەو یارییە منداڵانەیەمان هەیە و نە کوردستان شوێنی تێئۆرییەکانی پۆلپۆت و حیکمەتیارە. ئەگەر تۆ بۆرەپیاوێکی سەولە وەرگربی و بۆ پارەی لوولێك تریاك یان شۆرباوێك بەرد بە کێلی شەهیدانی گەلدا بدەی ، کەس کاری بە تۆ نییە و ژەمە نانەکەت میوانی شاعیر بە و لێشت بەدڵەوە ناگرێ . ئەگەر نا، تۆی راسپاردەو سازمانەکەت بەرپرسن لەو کەتنەی ناوتانەتەوە.
فاتیح شێخ الاسلامیی و ناسر ... پێیان وانەبێ کە کورد لەو کەتنەی ناویانەتەوەو بە ڕێبەرانی کورد دەوەڕن لێیان خۆش دەبن. ئەگەر ئەو دووە بیانەوێ بکەونە بەر بەزەیی و ڕەحمی ئینسانیی گەلی کورد دەزانن دەبێ چ بکەن. مام ناسر و فاتە چاوە با بچن وتارەکەی پێشتری کوردی باو ناسیۆنالیست بە وردیی بخوێننەوە.
سودی خۆ دەرخستنەکەی مام ئاکۆ کە هەر نیوەی ناوەکەیمان دەرخستووە لەوەدا دەبێ کە :
1- ئەو سازمانەی کە تۆ سەر بەوی و بە هەویای پارووە چەورەی بەربانگی ڕەمەزان ئەو قوڕەت بۆ گرتوونەوەو بۆیان دەشێلی لەژێر هێرشی من و هەموو کوردپەرەستان و ناسیۆنالیستانی کورد ڕزگاری دەبێ.
2- ئەگەر بۆخۆت ناوەکەت بڵێی ئێمە بەم وتارە کۆتایی بە نووسینەکەمان دێنین. دەنا داوا دەکەین بە پێی قانوون ئادرێسی ئەو ئێمێلەی نووسەری ئەو کەتننامانە بۆ سایتی بروسکەی ناردووە بۆ ریسواکردنی یەکجارەکی هەموو دز و سیخوران لە شوێنی خۆی وەربگرین. ئەوکاتە دەردەکەوێ کە ئەو هەویرە چەندەی ئاو دەوێ. با سازمانێکی بەرپرس و ئەندامەکەی بزانێ کە ئازادیی دەربرینی را بە مانای سوکایەتیکردن بە مردوو زیندوو نییە.
با جارێ ئەو ڕەخنەیەی لەسەر دووپات بکەمەوە کە ئەو نابێ ناوی " مام" لەسەر خۆی دانێ. چوونکە هەرگیز سیخورێکی کە ناوێرێ ناوی خۆی لەبن نووسراوەکەی خۆی بنووسێ لەو پلەو پایەیەدا نییە کە ناسناوی دوو سەرۆکی کورد بۆ خۆی دابنێ کە بە دیان ساڵ شەڕی دەوڵەتانیان کردووە. ئەوەی ناوێرێ ناوی خۆی لەبن نووسراوەکەیدا بنووسێ گورپەپشیلەی چێشتخانەکەی مەنسورەدزە واتە فاتح شێخ الاسلامییە کە ئێسکی ئەنفالکراوان و هەشت هەزار بارزانی و هەزارانی دیکە لە کوردستانە داگیرکراوەکەماندا دا دەکرۆژێ.
پێمان نالێن بۆ وادەکەن لە کورد؟ چییان دەوێ لە کورد؟ ئەگەر بە کوورە راپۆرت بۆ شا بنووسن وەکو ڕەحمەتیی ، لە باکۆرا خەبەر بدەن بە نامە و 22 یان بۆ" شاهەنشا" بنێرن. ببنە سوارەی بەر لەشکری شا و بۆ کوشتنی ژن و منداڵی مێرخاسانی بارزانی و پێشمەرگەکانی کۆماری کوردستان بکەونە کێبەرکێ و تا لێواری خەتێ بۆ کوشتن و رووتکردن

وەشوێنیان کەون، لە سەرتان دەنووسرێ و نا کووژێتەوە فایلرەشان! فایلرەشان دەیانەوێ فایلەکانیان بخرێنە روو؟ زۆریش لە مێژ نییە و کەسانێك هەن لە بیریان مابێ کام عەشیرەت سەری لە پێناوی کورددا داوە و کام ئاغاوات  چونە باکۆ لەگەڵ قازیی و راپۆرتیشیان تێرو تەسەل بە شا داوە.

 مام ئاکۆ زۆر دەنووسێ بەڵام مانای ئەو وشە یا دێرەی کە دەینووسێ نایزانێ. ئەو عەجەمخووە  بۆ ئەوە نیشان بدا کە زمانی بیانیی دەزانێ وشەگەلێ دەنوسێ  کە نە مانایان دەزانێ و نەدەزانێ بێژەیان بکا. بۆ وێنە ئەم برادەرە دەفەرمێ: " عەشیرەی سکۆلار و پاپوێن لەمل"

مام ئاکۆی فارسیزانی سەردەمی قات و قرپی، لەو چوار وشە کوردیییەی کە بۆ سەردێری کلۆلنامەکەی نووسیوە، سێ هەڵەی نووسین و بێژەکردنی  چەوتی تێدا فەرمووە. یەکەم دەنووسێ عەشیرە، نازانێ کە کورد وەکو فارسی برابەشی مام ئاکۆ ئەم وشەیە بەو شێوەیە بەکار ناهێنێ. کورد دەڵێ: عەشرەت، عاشیرەت، عەشیرەت، عەشیر. فارس ئێژێ عەشیرە (بروانە فەرهەنگە کەی مامە هەژار موکوریانیی.)

پاپوێن نییە و" پاپییۆن" ە. لە زمانی فەرەنسیی وەرگیراوە و ماناکەشی پەپوولە یان پەروانەیە. فارسانیش هەر" پروانە"ی پێدەڵێن. بە زمانی فەرەنسیش ئاوا دەنووسرێ.papillon

 مام ئاکۆ ! پاپییۆن لە مل ناکرێ و لە یەخەی کراس دەدرێ. ئەوەی لەمل دەکرێ پەتکە گوریسە، کە لە ساڵی 32 و تێکچوونی دەوڵەتی دوکتور مصدق لە لایەن ئەو بنەماڵە شۆرشگێرەی ئێستای کۆمەڵەکەی کاعەوڵاوە لە ملی زەحمەتکێشانی گوندەکانی دەور و بەری بۆکان دەکرا و لەچۆمی تەتەهوودا دەیانخنکاندن. باو  کالی زۆر لەو کەسانەی کە ئێستا ئەندامی سەرەوەی گرووپەکەی کاعەولان لە ساڵەکانی پێش 32 و  دواتریش ئەگەر بۆخۆیان لە تەویلەی راپۆرتنووسەکانی دژ بە پێشەوادا شەوو رۆژیان تێپەر نەکردبێ، لانی کەم شاهیدی بوونی ئەو دەزگا دادگەرییەی بنەماڵەی ئێلخانییەکانی بۆکان و دەور و بەر  و خزمەکانیان بوون. بەڵێ مامە ئاکۆی سەواتسز!  پاپییۆن لە یەخەی کراس دەدرێ.  ژن و پیاوی دەست و دەروون پاك بۆ بەشداریکردن لە میوانیی رەسمیی و بۆ نیشاندانی خۆشیی و شادیی و فەرهەنگی بەرزی مرۆڤایەتی لە یەخەی کراسی دەدەن. شتێکی دیکەش لە مل دەکرێ، ئەویش پەتکی رەنگاورەنگە کە بە رستە ناودێرە و لە ملی تاژی و توڵە دەکرێ و لە کاتی راوکردندا لە ملی دادەماڵدرێ و بەگژ نێچیری بێ زمانیدا دەکەن. بۆ ئاگاداریی مام ئاکۆ و هاندەرەکانی دەبێ بلێم کە مل بە پەتکەوە بوونمان بووە بە لام هەرگیز ملی کەسمان بە پەتکەوە نەکردووە و راویش ناکەین و پێویستیشمان بە تاژیی و توڵە نییە تا رستەیان لە ملی بکەین.

 بۆ ئاگاداریی زیاتر لە سەر قارەمانانی لە دار دراوی کۆماری کوردستان  لە بۆکان و سەقز و پێوەندیی ئەوان بە بنەماڵەی  شەهیدان  سەعید یەزدانپەنا و رەشید یەزدانپەنا و رێرەوی رێگایان حسێن یەزدانپەنا، مام ئاکۆی  بێخەبەر بانگ دەکەم کە بە سەرپێوە لە باوکی خۆی بەسەرهاتی لەداردراوانی کۆمار و پێوەندیی ئەوان بە بنەماڵەی فەیزوڵلە بەگیی و یەك

لەوان بنەماڵەی یەزدانپەنا بپرسێ. ئەگەر کتێبی نەبێ ، لە سیاسەتڤانی "ناوبەدەرەوەی" کورد و دامەزرێنەری کۆمەڵەکەی مام ئاکۆ کە لاوانی بۆکانی و مەهابادیی باشی دەناسن!! پرسیاربکات. ئەگەرنا لە فاروق بابامیری ناسراو بە "گوێزە پووچ" کە بەردەستی کاعەولایە پرسیار بکا. ئەویش لەو رووداوانە شارەزایە. ئەگەر ئەوانەی لەلا بەزەحمەتە و بۆی ناکرێ کارێك بۆ کوردبکا، چونکە کار بۆ کورد کردن بڤەیە و سەرتێداچوونی تێدایە با زەحمەت نەکێشێ، ئەوە وێنەی شەهیدی گەل، عەلی بەگی یەکشەوە کە لە بنەماڵەی فەیزوڵلە بەگییە و بە دەستوری شای ئێران بە تاوانی فەماندەریی بەشێك لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هاوسەنگەریی کوڕە بارزانیی لە قۆڵی سەرا دژ بە ئەرتەشی حەمەرەزا شا کە لەسەر حەوزەگەورەی بۆکان بە پەتی سێدارەوە کراوە بۆ دیتنی کاعەولای موهتەدی عەجەمپەنا و مام ئاکۆی میرزا بنووسیان دەخەمە بەرچاویان. ( یەزدانپەنایانی شەهید و ئەوانەی ماون لەوبنە ماڵەیەن) بۆ ئاگاداریی زیاتر کا فاروق بابامیری ناسراو بە ( گوێزە پووچ) کە بۆ خۆشی لەو بنەماڵەیەیەو کونی زانیارییە دەتوانێ بە زمانی فارسیی لێی بپرسن.. با ئەوەشی لێ زیاد بکەم کە ئەو وێنەیە لای قاسم ئاغای ئێلخانیزادە کە مامی کاعەولای موهتەدیی بووە( تا 37ساڵ بەر لە ئێستا ناسناوی کاعەولاو کا سەلاح موهتەدی " ئێلخانی زادە" بوو، پاشان کردیانە موهتەدی") . ( مامهەژار موکوریانی لە کتێبی چێشتی مجێوردا بە وردیی باسی خۆی و قاسم ئاغای ئێلخانیزادە و روداوەکانی ئەو رۆژانەی کە فایلەکانی دەورانی کۆمار دەکەونە روو دەکات)

خوالێخۆشبوو قاسم ئاغای ئێلخانیزادە لەکاتی لە سێدارەدانی عەلیبەگی یەکشەوەدا لەریزی پێشەوەی" پیاوماقوڵانی" کورد دابووە کە هەقی پێدراوە ئاگای لە سێدارەدانی ئەو رۆڵە سەربەرزەی کورد بێ وئەو وێنەیەی لێ هەڵبگرێ. ئەم وێنەیە بۆ یەکەمجارە کە بڵاو دەکرێتەوە.

ئەگەر کا عەولای موهتەدیی کە بە عومری خۆی نەیزانیوە کارکردن چییە و زەحمەت کێش کێییە و نەبوونی و هەژاریی و رەنجی کرێکاریی و مەیتەریی کامەیە و خۆی بە رێبەری کرێکارانی جیهان دەزانێ و مام ئاکۆش بولبولی بۆ دەخنکێنی چونکە بۆ ئەو ناخوێنێ و شەهیدی بۆ لەمەزار دەردێنی تا ئەو پێی لێنێ، پێوەندیی بە خۆیانەوە هەیە. ئێمە خۆمان لەو دارەتە نادەین کە ئەو کابرایە کێیە و کێ نییە. بائەو پێناسەی خۆی بکا. ئێمەش پێناسەی خۆمان دەکەین و نایشارینەوە کە ئێمە ئەندامی حیزبێکی نەتەوەیین کە بنەو بنەچەکەی دامەزرێنەرەکەی کورد و کوردپەرست بووە، لە کردەوەدا دڵسۆزیی خۆی بۆ گەل نیشان داوە و سەری لە پێناویدا داناوە و مێژوویەکی پاك و خاوێن و کوردانەیان هەبووە و بەڵگەکانی سەر دەمی کۆماریش ماون و لەبەر دەستدا هەن و بۆ هەموان روونە کە کێ خاین و کێ خادمی کۆمار و کورد وپێشمەرگەی کۆماری کوردستان بووە.

رێبەری ئێستای ئەو حیزبەش حسێن یەزدانپەنایە کە ئامادەی خۆبەخت کردن و فیداکاریی بۆ ئازادیی گەلەکەیەتی. ئەو بۆی هەیە کە بڵێ: من باووکاڵم پیاو بوون، کورد بوون لە جانی بنی جانەوە بە سەربەرزی ژیاون. لە مێژووی تازەی گەلی کورد دا بنەماڵەکەی ئەرکی نیشتمانیی خۆی بە زیادەوە بە جێ هێناوە و بۆ کۆماری کوردستان و سەربەرزیی گەل هەشت بربرەی پشتی بە پەتی سیدارەوە کراون.( وێنەکانیان ببینە!)

حوسەین یەزدانپەنا لە سالە رەشەکانی حوکمی خومەیندا 4 ساڵ لە زیندان دابووە. ئەو ئەشکەنجەگەرانەی لەزینداندا بازجووی بوون ئەو کەسانە بوون 1- سەعید یەزدیان
2- ئەمین رەنجبەر
کاعەولا دەبێ ئەو کەسانە باش بناسێ. چونکە ئەوانە ئەندامی پێشووی حیزبەکەی بوون و لە کۆماری ئیسلامییدا بۆ ناسین و ئەشکەنجە کردنی تێکۆشەرانی کورد لەگەل رژیم هاوکارییان دەکرد. رژیم پاش بێکەڵك کردنی ئەو ئەشکەنجەگەرانە ئێعدامیشی کردن. بۆ سیخورێکی کە ناوێرێ ناوی خۆی بڵێ دەبێ چاوەروانیی لێبکرێ کە بوختان هەڵبەستێ چونکە کاری ئەوەیە. با بگاتە ئەو جێگەیە کە بەتەواوی پەردە لەروی ئەو جاسووسە لادرێ ئەو کاتە دەبێ وەلامی ئەوەی لێوەربگیرێ کە ئەو زانیارییانەی چۆن بەدەست گەیشتووە کە ئیدیعایان دەکا. ئەوە ناکرێ مەگەر خۆی یا هاندەرەکی ئەشکەنجەگەر یا پیاوی ئیتتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی بوو بن دەنا ئەوە درۆو دەلەسەیە وەکۆ ناوەکەی ماکۆ ساختەیە.
کچە قارەمانی ئەو بنەماڵەیە کە ئێستاش بە دەردی ئازاری زیندانی خومەینییەوە دەناڵێ و بە تاوانی تیتالی کردن و جنێودان بە خۆمەینی و دەزگاکەی، بێرەحمانەترین ئەشکەنجەی زیندانەکانی خومەینی لەسەر تاقی کراوەتەوە و قارەمانەتییەکەی ئەو لە زینداندا ئێستاش لە نێو گەورەپیاوانی شاری بۆکان کە لەبەرابەر نەترسی و خۆراگرییەکەیدا وەکو نموونەی کچەکوردی ئەم سەردەمە چاوی لێدەکەن، ناودارتر لەوەیە کە لێرە باسی لێبکرێ..
دوو برایشی لەرێی ئازادیی کوردستان و بەختەوەریی مرۆڤی کورد لە کۆمەلی کوردەواریدا چوونەتە نێو کاروانی شەهیدانەوە.
باوو دایکی پیری کۆستکەوتووشی، تەقتەبەردی کوردستان نەماوە نەبووبنە سەرینی شەوی دەربەدەرییان، بۆ ئامانجی کوردانەنیان دارو نەداری هەموو ژیانیان لەدەست داوە و هەموو سامانیان لە لایەن رێژیمی ئاخوندەکانەوە زەوت کراوە و ئێستا لە بێداهاتترین کەسی ئەو کوردستانەن بەلام ئەوەی بە قورسایی هەموو کێوەکانی کوردستانە و هەیانە خەمی بێبرانەوەی شەهیدانی بنەماڵەکەیان و هەزاران شەهیدی کورد لە هەموو ئەو کوردستانەیە کە بەکۆڵی دڵیانەوە بارە. بێدەلیل نییە کە کوران و کچانی کورد بە دایك و بابی خۆیانیان دەزانن..
کام مرۆڤی ئەم سەر زەوییە پەیدا دەبێ کە بە دیتنی قەلافەتی ئەو دایك و بابە، ئەو دوو دەریا دڵ وسەراپا سۆز و هەست و خۆشەویستییە، ئەو دوو کوردە کوردپەروەر و وەفادار بە گەل و بە نیشتمانە، سەرتاپای نەبێتە گر و هەست نەکا کە ئەوانە هەیکەلی لە نوور دارژاوی سۆزی بەشەردۆستیی و خۆشەویستیین. ئەوانە لە خێل و عەشیرەتی بە جێماوی هەشت هەزار بارزانین، لە تۆرەی سەتو هەشتاودووهەزار ئەنفالکراوی کوردن، لە بنەچەکەی بەملیۆن کوردی کوژراوو بێ سەروشوێنکراوی سەردەمی رەشترین حکوومەتیی خوێناویی بەڕبەڕەکانی سەفەوی ، قاجار، پەهلەوی، خومەینی، ترکی کوردکوژ و هەرمەنیقرکەر و حکومەتی پر لەستەم و وەحشیی سەددامی عەرەبیین. ئەوانە لە رێزی بێبرانەوەی دایکان و باوکانی شەهیدان دان. ئەوانە مامۆستا و فێرکارمانن. ئەوان رێنیشاندەرمان بوون و فێریان کردووین کە چۆن بە ئازادی بژین. ئەوان پێمان دەڵێن:« کە ئازادیی ئێوە بەدەست خۆتانە. دارە و بینێژن تا وەبەر بێ. شەهیدانمان ئاڵقەی پێوەندیی ئێمە بە ئەبەدییەتەوە

گرێدەدەن. هەبوونی هەتاهەتایی ئەوان لە بزوتنی با ، پشکوتنی گوڵ، چاوبڕکێنەی ئاسك و گەڵای دار و خوڕەی ئاوو بارانی پەڵە و سرتەی شەونم و ڕوومەتی ڕەز و فرمێسکی هەڵڵەبرایمەدا دەبینین، سەربەهوردی ئێمە و مالاوایی دوو کوڕ و جێ پڕ بوونەوەیان لە سەتان و هەزارانی دیکەی داستانی کۆنی ئەم کوردستانەیە. گەلۆ! ئەمانە ناتوانن دلی بە هەستی کوردانەتان ڕاتڵەکێنێ؟ ».

بەلێ مام ئاکۆ ئێمە لەو خێڵەین. خۆشمان لە کەس پێ زیاتر نییە. بۆ خزمەتی کورد و پاراستنی ئەسڵ و نەسلی کورد پەیمانمان بە گەلی خۆمان داوە. خۆمان لەهیچ گەلێك بە کەمتر و بە زیاتریش نازانین . ئێمە دەمانەوێ وەکو گەلانی دیکەی ئەم جیهانە سنوری کوردستان لەسەر نەخشە وخەریتەی جیهان لەگەڵ هەموو هێزو ڕێکخراوەی کوردیی دیاری بکەین و دوژمن لەکوردستان دەرکەین. دەمانەوێ مۆری هەبوونی کوردستانێکی ئازاد بە نێوچاوانی نەخشەی جیهانەوە بنێین. کوردیش دەبێ ڕۆژێك ئاڵای لە بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان بشەکێتەوە. بۆچی کوردستان بە 40ملیۆن نفوسەوە ناکرێ ببێتە کوێت بەحرەین ، عومانی سەر بە خۆ بە ملیۆنێك وشتر و ئینسانەوە؟ کورد بۆ کەمترە، لە عەرەبی مەغریبی کە ماقوڵترینیان ئەو کەسەیە کچ و کوڕ سوننەت دەکا. ئاڵای ئەو گۆشتبرە ، لەتەنیشتی ئاڵای پاپ ، شای سوئێد و ئاغای کۆشکی سپیی بە قەدرەوە دادەندرێ، بەڵام چل ملیۆن کورد هەر لەکتێباندا و وەکو دێو و درنجی تۆرەی جنۆکانی سلێمانی نەبی و وەك ئەفسانە نێویان دەبردرێ. بەلێ مام ئاکۆ! حسێن یەزدانپەنا بەو بەسەرهاتەوە هەقی نییە بلێ من کوڕی کەسێکم کە هەموو سامانی ژینی و دوو برای شیرینی پێشکەش بەو نیشتمانە کردووە ؟ هەقی نییە خۆی بە خزمەتکاری بەشێك لەگەلەکەی بزانی کە ئەو نوێنەرایەتی فکرەکەیان دەکا؟ ئەوە هەق نییە کە ئەو پێیدراوە بەڵکو ئەوە ئەرك و تەکلیفێکە کە ویژدانی کورد، بنەماڵەی شەهیدان و نیشتمانی کورد و ئازادیخوازانی کورد خستوویانەتە سەر شانی. لەو سیستمە فکرییە کوردانەیەی ئەودا کە لە خۆشەویستیی کورد و بۆ کورد وەرگیراوە، ناکۆکیی شەخسی، بنەماڵەیی و چینایەتیی بەو شێوەیەی کە چەپاژۆکان پێناسەی دەکەن وجوودی نییە. ئەم بەشە پچووکەی ئێمە، مینیاتوورێکە لە بنەماڵە مەزنەکەی کورد لەهەموو کوردستان. پێناسەی ئێمە، کورد بوونمانە بە هەموو چاکیی و خراپیی کوردەوە. لەبەریەك ڕاستکردنەوەی کورد لە کورد، دابەشکردنی فێڵبازانەی، من کرێکارم و تۆ بورژوای، من نوێنەری چینی تڵیشدار و تۆ عەشیرەتی فلانی، بەگاڵتە کردن بە چارەنووسی گەلی کوردی دەزانین. ئێمە ئازادیخوازانی کوردستانین. ئێمە نوێنەری شیراز و ئیسفەهان و قوم و مەشەد نین. ئەوان نوێنەری خۆیان هەیە و دەولەتیشیان هەیە و چ پێویستییان بە نوێنەرایەتیی کابرایەکی سیرخۆر و زورناژەنی وەکو مام ئاکۆ نییە. ئەو کارە پاشماوەی ئەوانە بە مام ئاکۆ و ڕێبەرانی مێشکەپە گەیشتووە. ئەو خەیال پڵاوەی ڕێبەرانی مێشکەپە نە چەورە و نە تێرخوێیە. ئێمە مەسەلەکەمان ئازادیی نەتەوەیییە. حیزبێ ئێمەو ئامانجەکەی کە سەرمان لە پێناوی دەدەین بۆ دوژمن مەترسیترینە. ئێمە دەڵێین: کورد دەبێ لە کۆیلەتی سیاسیی، ئابوریی و فەرهەنگیی ڕزگاری بێ. کوردستان بدرێتەوە بە گەڵی کورد. ئێمە پێمان وانییە مەنسورە دزە و ئازەرخانم وحامید حەجەم تەقوایی و کۆمەلێك ساویلکەی زڕەکوردی خۆبەکەمزانی شار کە

زۆربەیان تەگەرەیەك لە ژیانیاندا نەبووە و بە حەجەمخودایەكی پێشینەرەش كە لە مێژووی كۆن و نوێدا دمراستەكانی بنە ماڵەیان هەر پیاوی دەوڵەت و كوێخا و گزیر و راپۆرتنووس و تفەنگچیی دەوڵەتی ناوەندیی بوون كورد رزگار بكری. ئەمانە كە تاقمێك سیخور و سیانوورفرۆش و مودیری كلوبی سێكسیان هێنایە كوردستان و كچ و كوڕی دڵپاكی كوردیان خستنە ژێر دەستیان و بۆ خۆیان بوون بە كێشكچی بەر ماڵەكەیان و كوردیان بۆ كوشتن و مالی كوردیان بۆ وێران كردن، نوێنەری بورژوازی عەجەم و دژ بەكوردن با بە خۆشیاندا هەڵبلێین. لە كردەوە و ئاكام دەبێ بروانن نە قسەو خۆهەڵدان مام ئاكۆی خەو خۆشمیزاج!

ئەمە كێیە وچەس؟ ئاغا تێئۆریی زانە. رێگای ئینقلاب زانێ. رێبەر زەحمەتكێشانە. فارسی نووسینی فرە لەبانە. ناوی چەوس؟ ئاغا مەنسور حیكمەتەس. ئەمەتان كردە رێبەری كورد.

دەی رۆڵەی كورد! راستەوە نەبی بۆ ئەم تۆحفەگەلەی هاوردت! چیرۆكی كوردە و هەمبانە زەرگەتەی رەسوی نادریی بۆ ئەو بابەتە گوتراوە. ئەوەی لەو چیرۆكەدا و لەزمانی ئەو هونەرمەندەوە گوتراوە بەسەرهاتی ئام تاقمە كوردە ساویلكەیەیە كە گچكە مەڵلایەك فریویان دەدا. ئەوە چیرۆكی مام كۆمەلە وخێڵی مەنسورەدزەیە، بۆگاڵتە نەگوتراوە و بۆ گریانە. ئەمانە فەحە سەركەڵی كوردن. با كورد بچێ گوێی بداتێ و حاڵێ خۆی تێدا ببینێ.

## دەردە كورد

ئێمەی كورد تەنیا لەرزگار بوونی كوردستاندا دەبینەوە مرۆڤێكی ئاسایی . تا ئەو كاتە گەلی ئێمە ژێر دستی ترك و عارەب و عەجەم بێ، روحی نەتەوەیی نەخۆشە. نازانێ بۆدەژی ، چۆن دەژی و چی دەوێ؟ چاكەو خراپە چۆن بزانێ؟ چونكە مێشكی تا تێك نەدرێ داگیركەر ناتوانی دەستی بەسەر خاكیدابگرێ. ئەوە دەردەكوردە. كورد دەبێ لە دەردە كورد رزگاری بێ. ئەوە باسێكی زانستیی قووڵە . پێویستە رەوانناس و كۆمەڵناس و زانایانی پەروەردەو راهێنان، پسپۆرانی تاواناسیی بۆ مەسەلەی كورد لەروانگە جۆراوجۆرەكاندا لێی بكۆڵنەوە. بە چوار قسەی ستالین و تورەهاتی چوار جاسوسیی هاوردە لە تاران و بنە ماڵە سیخورێك گیروگرفتی كورد و مەسەلە نەتەوەییەكەی چارەسەر ناكرێ. هەر وەها ئەو دیاردە نەگبەتییانەی نێو كۆمەڵ، و كۆمەڵ وەكو خۆكوژیی، توندوتیژیی ، نەخۆشیی و مەرگی بێ وادە، خۆڵەبیركردن فەسادی ئەخلاقیی، ئاوارەیی، خۆ دان خۆئاسیمیلەكردن، كۆرەویی ... ئەمانە پێوەندییان بە مەسەلەی سەرەكیی كۆمەڵ و ئیدارە و شێوەی حكوومەت و دەسەڵاتداران و سەروەریی لێ زەوتكراوی نەتەوەییەوە هەیە. رزگار بوون لەو وەزعە ورد بوونەوە و لێكۆڵینەوەیەكی ورد كاركردنێكی هەمەولایەنەی دەوێ. خۆ گیردان بە كتێبی دوتاكتیك و یەگام بە پێش دوو گام بە پس و بە حكومەتی مێشكەپەیی و تووڕەهاتەكانی ستالینی، ئەنوەرخۆجەیی نە هەر مەسەلههی كورد چارە نەكا ، بەڵكوو لەوەشی خرابتر دەكا كە هەیە. بەو مێشكە كۆنەوە ناكرێ نووسخە بۆ كوردی ئەم سەردەمە بنووسرێ. نووسخەنووسانی ستالینی نەخۆشن. ئەوانە پێویستییان بە مانەوە لە نەخۆشخانە هەیە. دەرمانكردنی ئەوانە دژوارە، چونكە نەخۆشییەكە لێی پیس كردوون. كۆن بووە و میكرۆبەكە بەشی بیركردنەوەی مێشكی لەكار خستوون.. هێندێكیان بە مێشكی ستالین و بە شەبكەی ماركس و بە كەوشی لێنینەوە دەچنە مێشكەپە و گوردانی پرۆلێتاریای جیهان بە مەنسورە دزە و رەئیسە ئیشنەكەرە تەوەزەللە خۆكردە رێبەرەكەی مام ئاكۆی جەوال بەتاڵ ساز

دەکەن. ئەم نەخۆشانە مەترسیدارن و دەست لە کورد دەوەشێنن. ئەمانە پەرەپێدەری نەخۆشین و هەر وەکو نیشانیان دا پێویستییان بە دوکتور و دەرمان و ئاساییکردنەوەی حاڵەتی رەوانییان هەیە. کورد لەو نەخۆشییە و لە میکرۆبی ئەو نەخۆشییە کە بە داخەوە لاوی کورد تووشی دەبێ دەبێ خۆی بپارێزی. بەڵام نە بەزۆر. بە دەرمان و ئامادە کردنی حاڵەتێکی ئاسایی روحیی لە کۆمەڵی کوردەواریدا.

ئێمە خوازیاری سەربەخۆیی کورد و ئازاد بوونی یەکجارەکی کوردستانین. ناکۆکیی سیاسیی ئێمە لە گەڵ چەپاژۆو راسترەوەکان لە شێوەی بیرکردنەوە و هەڵوێستیان بەرامبەر بە ویستی گەلی کوردەوە سەرچاوە دەگرێ. نزیکیی و دووریی سیاسیی ئێمە لە گەڵ حیزبە کوردستانییەکان، رادەی موکور بوون و کارکردن بۆ سەربەخۆیی کورد دیاری دەکا و بەس. لەو رووەوە بۆ زانیاریی مام ئاکۆ دەڵێین: بوونی کاعەوڵایەکی کارنەکەری نەپرۆلێتێر و زەحمەت نەچەشتووی، خاوەن بنەماڵەیەکی دژ بە رێبەرانی کورد و دەسکیسی عەجەمان بۆ داگیرکردنی کوردستان و هەڵایسێنەری شەری زرەکوردی دژ بە کورد و پەرەپێدەری فەسادی سیاسیی و فەرهەنگی و ئەخلاقیی لە نێو بەشێك لە لاوانی کورددا بۆ سەرۆکایەتی حیزبێکی کۆمۆنیستی سەرتاسەریی بە مەسەلەی سیاسیی ئەو کۆمەڵە دەزانین کە دروستیان کردووە و بۆمان نییە دژایەتیی شەخسی بکەین. مەنسورەدزەیەك کە لەلایەن تاقمێك کوردی ساویلکەوە دەکرێتە رێبەری فیکریی بۆ کورد بە سەرشۆریی دەزانین. کورد چۆن دەتوانی قبوڵ بکا ئەوانەی سوکایەتیکردن بە کورد و رێبەرانی کورد دەکەنە بەرنامەی کار لە نێو خۆیدا وەربگرێ؟ کورد بێ پشتبەستن بە عەجەم و بێ رێبەریی فکریی ئەو دەبێ گیروگرفتی سیاسیی خۆی چارەسەر بکا.

مام ئاکۆ! مام جەواڵی ئاخندراو لە تۆرەکفەڵی نەزانیی! ئەگەر سەرۆك عەشیرەتی یەکییەتیی شۆرشگێرانی کوردستان بە قەولی تۆ" سکۆلار بێ و پاپوێن" لە یەخەی بدا و خۆی لەگەڵ جیهانی ئەمرۆ رێك بخا، بۆ باشتر نییە لە کەسێکی دەست و پێسپیلکەی کارنەکەری بیانووگری خۆ بەزل زان کە بە تەنیا ناوێرێ بچێتە ئاودەست و دەبێ مام ئاکۆی یوزی لەشان لەبەر و پشتی راوەستابێ و خۆشی بە رێبەری پرۆلێتارایای جیهان بزانێ و عەجەموکەیەکی تریاکیی سیخوری لە ئیسفەهانەوە هێنابێ تا"مجموعەاثار"ی نازو نوزی کرێکاریی بۆ بنووسێ و کاعەولا لە بەردا بە رێبەری کرێکارانی مێشکەپە و پاشان ئێران و جیهان بزانێ و ئەویش خۆی پێی رابنێ و بلێ هاها... من: انم کە رستم بود پهلوان. بەڵام کە هەموو ئامانجەکانی دوژمنی کوردی پێ وەدیهێنا و کوردی پێکوشت و حیزبەکەی پێ ریسواکرد، کچ و کوری کوردی بە سەنگی سیا هەڵێنا و شۆرشی کوردی بەرەو هەڵدێری نەمان برد، با بۆ تۆ باشتر بێ لە یەکێتی شۆرشگێران کە ئەو مێژووە پر لە کارەساتەی نییە و خوازیاری ئەوەیە کە کۆتایی بە هەبوونی مەنسورەدزە و حەجەمی کوردکوژ لە کوردستان بێ و ئیتر کا عەولای ساویلکە و خەیاڵپڵاوخۆش جارێکی دیکە نەبا و بیکاتە کەرەسەك کورد کوشتن و بەرێوەبەری نائاگای پلانەکانی کۆماری ئاخوندیی. پاشان بەرەو سوئێدی رادا بلێ : یاری تەواو من رۆیشتم ئێوە تەواو کرێکاریی نین.... برو کە رفتی، بەرەو سوئێد بیبا و پاشان بە

قەولی خۆتان دزیکردن و تالانی کورد. دوایە پێکهێنانی حیزبی کرێکاریی ستانداردی عەیار سەدامیی و سەرەنجام ناودێرکردنیان بە ناوی"خانزادەی نادان کرد" . کورد ئەوەی پێ کاری سیاسیی نییە. بۆرەپیاوێکیش ئەوەی لەگەڵ بکەن هەڵیناگرێ. پیاو نازانێ ئێوە ئەوبارە گرانە پر لە سەر شۆرییەتان چۆن هەڵگرت؟ ئەی بۆ بۆکوردەکە وانین ؟ خۆ ئەگەر بۆکوردەکە برووکەیەك خۆتان دانەواندبایە ئێستا کاری کورد و ئێوە لە جێیەکی دیکە بوو .

**مام ئاکۆ" بۆ حەجەمی فش دەکا، بۆ کورد فشە فش دەکا".** بە خوا خاسە مام ئاکۆ!

هەموو کاری حیزبەکەی کا عەولای فیشاڵیی ئەوە یە کە بۆ پێشرەو بوونی حیزبەکەی هاوار بکا و ئەوەش کارنامەکەی . ئەمەیە فکرە پێشکەوتووەکەی. های هووووو لەم هەموو زانستە **کە خێڵی حەجەمی هاوردە هێنایان بۆتان.**

مام ئاکۆ نووسیویە" شۆرش کردن و راپەرینی هەموو کۆمەڵگایەك کرمۆلی خۆی هەیە."

مام ئاکۆی نووسەری کۆمەڵەکەی کاعەولا چۆن کەوتووەتە ورینەکردن. دەکرێ جارێکی دیکە ئەو رستەیەی نووسیوێەتی بیخوێنێتەوە تا بزانی شتێکی سەیری فەرمووە؟

مام جواڵ! کۆمەڵگا هەرگیز راناپەرێ و شۆرش ناکا. ئەوەی کە ئەو کارە دەکا" کۆمەڵە"، نە کۆمەڵگا. فەرقی کۆمەڵگا و کۆمەڵ وەکوو زورنا و گێزەرە . راستە کە هەردووکیان بۆ دەم دەبردرێن و لێو لێیان دەدرێ ، بەڵام گێزەر دەخورێ و زورنا فووی تێدەکرێ.

**فەرمووتانە :" کوردستان یەکێکە لەو کۆمەڵگا و نەتەوانەیە کە بەداخەوەم لەم دەردە بێبەش نییە و ئەو ئازارە داوێنی ئەویشی گرتۆتەوە"**

مام ئاکۆ ! کوردستان نەتەوە نییە. کوردستان ئەو شوێنەیە کە نەتەوەی کوردی لێ دەژی، هەروەها داوێن تووشی دەرد نابێ، ئەوەی تووشی دەرد دەبێ مێشکگەلێکن کە لەبەر نەخۆشیی و هێلانەکردنی میکرۆب لە نێویدا، خاوەنەکەی دەکەوێتە ورێنە و پلار لە کێلی شەهید و قارەمانانی نەتەوەیی گرتن. ناڵێم نەتەوەی تۆ و مەنسورەدزە و خنزرپنزری عەلی دەست و گوێبر و فاتیح مەریوانی و ناسری شێخاڵیی، بەڵکو مەبەستم نەتەوەی کوردە کە ئێوە سوکایەتی پێدەکەن.

بۆ ئەوە رووی مام ئاکۆ وەدەرخەم و بە خەڵکی بناسێنم کە راپۆرتچی و ئاپاراتچیك چۆنە و چ کەشمە و چ جلك و سیپاڵێکی بەخوداداوە و کەوڵی بەری چ رەنگە، جارێ ناوی نابەم. کاتێ تویێکوڵم لێ پەقاند و کاکڵم لێ دەرفرتاند ئەو کاتە لەتکە نێوی راستەقینەی دەخەمە بەردەمی کوردان تا بزانن ئەو گۆر هەڵکەنەی رێوی مەسلەکە کێێیە؟

تا وڵامی هەبێ ماویەتی

کوردی ئەو بەری خەتێ

کوردی ئەم بەری خەتێ

کوردی باو ناسیۆنالیست

28.10.2004

پاش نووسین :
ئەوەی دەیبینن و بۆ یەکەمجار بڵاو دەکرێتەوە وێنەی فەرماندەری بەشێك لە هێزی پێشمەرگە ی کۆماری کوردستان عەلی بەگی شێرزاد ناسراو بە عەلیبەگی یەکشەوەیە. قارەمانێکی گەل لە بنەماڵەی فەیزوڵڵە بەگی کە بە دەستوری حەمەرەزا شا لەسەر حەوزەگەورەی بۆکان لە سێدارە درا.

وێنەی خوارەوەتر 11 شەهیدەکەی کوردن کە حەوت کەسیان لە بنەماڵەی فەیزوڵلە بەگن فەیزوللەبەگ گەورەپیاوی کورد کە لە مەکتبی ئەودا کوردپەروەریی ئایین بوو و قوربانیدان لە رێی ئازادیی کوردستان بەجێگەیاندنی دەستوری دین بوو.
حەوت کەس لە ئەویندارانی بەوەفای ئەو مەکتبە کە لەسەردەمی کۆماری کوردستان کە بەسەری بەرزەوە چوونە سەردار لەو بنەماڵە کورد پەروەرە بوون. سەعید یەزدانپەنا هەڵگری ئاڵای کوردایەتی و دامەزرێنەری سازمانێك کە بانگی خەبات بۆ ئازادیی کوردستانی کردە دروشمی ژیانی خۆی و هاو سەنگەرانی لە گەڵ براگەورەکەی رەشید پەزدانپەنایە لە پەراوێزی ئەو کتێبەمێژووییە پر لەسەروەرییە لە سەردەمی رژیمی خومەینیدا ناویان نووسرا. بێگومان ئەو رێگایە هەرگیز بێ کاروان نابێ و بنەماڵەی فەیزوللە بەگی لە داهاتووشدا هەر بەو رێگایەدا دەرۆن کە شەهیدانی گەل پێیدا رۆیشتن.
ئەوەش ناوی شەهیدانی سەردەمی کۆمارە کە بریتین لە :

1- عەلی بەگی یەكشەوە لە بۆکان لە دار درا.
2- ئەحمەد خان فاروقیی ناسراو بە سالار لە سەقەز لەداردرا
3- محەمەدخان دانشوەر "
4- عەبدوڵڵا خان مەتین
5-محەممەد بەگی باباخانبەگی فەیزوللە بەگیی "
6- عەلی خان فاتیح
7- ئەحمەدخان شەجیعیی "
8- حەسەنخانی کانی نیاز.

ئەو ناوە پیرۆزانەش کە لە دەفتەری سەروەریی کورددا ناویان لە گەڵ ئەو هاورێیانە نووسراون و لە سێدارەدراون بریتین لە :

9-عەلی ئاغای قەرەچەڵ 10 "
- رەسول ئاگای قەرەچەڵ
11-، مەلاسەدیق کوردیی. "

ئەوانە قارەمانانی گەلن کە بە سەری بەرزەوە چوونە سەر دار و بوون بە رەمزی خەباتی کورد.

زێروەشانخانمی دایکی شەهیدان کاتێ کە چووە بن داری بێداد ك وسەری بەرەو تەرمی بێگیانی کورەکانی هەڵبری لەبەرخۆیەوە گوتی : شیرم حەڵاڵتان لە لای گەلە کەم رووسوورتان کردم.
سێهەمین وێنە خەڵکی شاریکەند و دەور و بەرن کە شەهیدی بەمراد نەگەیشتوو رەشید یەزدانپەنا بەرەو مەزارەکەی دەبەن.

لە داهاتوودا زیاتر لە سەر ئەو شەهیدانە و روداوەکانی سەردەمی کۆمار و نەخشی بنەماڵە خاییینەکان بە کۆماری کوردستان باس دەکەین. 28.10.2004







